هەواڵی رۆژنامەوانی

دەرچوو: تشرینی یەکەم 2018

## ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016 بە رێژەی 18.8% دابەزیوە

**ژمارەی یەکەگەشتیارییەکان (ئوتێل, مۆتێل, شووقە و کۆمەڵگای گەشتیاری) لە ساڵی 2016 دابەزیوە بۆ 577 یەکە بە بەراوورد بە 711 یەکەی گەشتیاری لە ساڵی 2013 کە دەکاتە رێژەی 18.8%.**

هۆکاری سەرەکی دابەزینی ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئابوری لە هەرێمی کوردستان و رەوشی ئاسایش لە عێراق بە گشتی کە لە ئەنجامدا بۆتە هۆی دابەزینی ژمارەی گەشتیار بەرێژەیی 56.8%, ژمارەی کارکەر بە رێژەی 17.2% و کۆی گشتی داهات بە رێژەی 37.6% لە یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013 و 2016 بە پێی پارێزگا




خشتەی (1) ژمارەی یەکەگەشتیارییەکان لەهەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا و ساڵ

| پارێزگا | 2016 | 2013 | 2012 | 2009 |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | 122 | 175 | 209 | 116 |
| سلێمانی | 192 | 176 | 154 | 106 |
| هەولێر | 263 | 360 | 251 | 93 |
| کۆی هەرێم | 577 | 711 | 614 | 315 |

### ژمارەی کارمەند

لەساڵی 2016, ژمارەی کارمەندانی کارکردوو لە یەکە گەشتیارییەکان 4,823 کارمەند بووە و بە بەراوورد بە 5,831 کارمەند لە ساڵی 2013 بە رێژەی 17.2% دابەزیوە.

### ژمارەی مێوان

ژمارەی میوانەکان لە یەکە گەشتیارییەکان بۆساڵی 2016 گەیشتە 1,238,438مێوان و بە بەراوورد بە ژمارەی 2,872,681 مێوان لە ساڵی 2013 بە رێژەی 56.8% دابەزیوە.

**ژمارەی شەوانی مانەوە**

لەسالی 2016, ژمارەی شەوانی مانەوەی میوانەکان لەیەکەگەشتیارییەکان 3,739,022 شەو بووە و بە بەراوورد بە 6,607,132 شەو لە ساڵی 2013 بە ڕێژەی 43% دابەزیوە.

**داهات**

کۆی گشتی داهات لەیەکەگەشتیارییەکان لە ساڵی 2016 گەیشتە 204.6 ملیاردینار و بە بەراوورد بە 328.1 ملیار دینار لە 2013 بە ڕێژەی 37.6% دابەزیوە.

**تێچوو**

کۆی گشتی تێچوو (مووچەی کارمەند, یارمەتیەکان, خەرجیە پێویستیەکانی تر) لەیەکەگەشتیارییەکان بۆ ساڵی 2016 گەیشتە 116.4 ملیار دینار و بەراوورد بە 168.1ملیاردینار لە ساڵی 2013 بە ڕێژەی 30.7% دابەزیوە.

**خشتەی (2) ژمارەی یەکەگەشتارییەکانی داخراو و هۆکاری داخستنیان لە 2016, یەکە گەشتیارییەکانی کراوە لە 2017 و ئەوانەی کە پێدانی زانیارییان ڕەتکردوتەوە**

| بابەت | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| پیشە یان گۆراوە بۆکاری تر | 49 | 0 | 34 | 0 | 83 |
| مۆلە تی پیشەی هوتیلی نەماوە | 37 | 0 | 0 | 0 | 37 |
| ئیدارەی گۆرابوو زانیاری دەست نەکەوت | 53 | 0 | 0 | 0 | 53 |
| داخراوە لەسالی 2016 | 159 | 110 | 69 | 1 | 339 |
| لەسالی 2017کراوەتەوە | 14 | 0 | 0 | 0 | 14 |
| پیدانی زانیاری رەتکردۆتەوە | 5 | 0 | 0 | 1 | 6 |
| نۆژەن دە کراوە | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 |
| بۆتە بەشی ناوخۆیی | 0 | 0 | 18 | 0 | 18 |
| کۆی گشتی | 318 | 110 | 121 | 2 | 551 |

بۆ زانیاری زیاتر

پۆستی ئەلیکترۆنی: contact@krso.gov.krd

ماڵپەری ئەلیکترونی: www.krso.gov.krd

تەلەفۆن: 00964(0)662559170

00964(0)7508963143

**ژمارەی سەرچاوە:** 72